مژدەوبانگ

لە کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتییەوە

K H K

21/11/2013

ئیمەی هاوبیرانی کوردایەتی کە لە رووی بیروباوەرەوە .دریژکراوەی

دیدو بۆچوونە فەلسەفی وهزرییەکانی کاژیک وپاسۆکین و خاوەنی خەباتیکی نەتەوەییانەو شۆرشگێرانەی زیاتر لەپەنجا ساڵین لەشارو

شاخەکانی کوردستانداو ماوەی چەند ساڵێکیشە چالاکییەکانمان لە رێی پێنووسەکانمانەوە،بەزۆری،لە بواری هزریدا چرکردۆتەوە بۆ گەشەدان بەهۆشیاریی نەتەوەیی و بۆ ئەوەی بواریش بخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گێرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان و ئاراستەکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشوور بەرەو سەرەبخۆیی. بەڵام بەداخەوە،ئەو دوو مەبەستە هیچ هەنگاوێکی کردەییان بۆ نەنراوە بەهۆی شەڕی ناوخۆو ململانێی حیزبایەتییەوە کە تائێستا ئەو ململانێیە درێژەی هەیەو رێگرە لەبەردەم بە ئامنجگەیشتنی نەتەوەکەمان،بەڵکو مەترسییەکیشە لەسەر مانەوەی ئەو قەوارە سیاسییەمان کەبە خوێنی سەدان هەزار شەهیدی نەتەوەکەمان هاتەدی .لەوانەش خراپتر ،ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی پەلی هەندێک لەو حیزبانە بەدەستی یەکێک یا دوان لەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوەیە، وەک سەردەمی میرنشینیە کوردییەکان ،کە ئەوە بوە هۆی لە ناوچوونیان! هەندێ ئاماژەش ئەوە ئەگەیەنن کەئێستا چەند لایەنێکی دەرەکی ،بەهاوکاریی نۆکەرەکانیان لەناو خۆی کوردستاندا ، خەریکی پیلانێکن بۆ کەرتکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشوری کوردستان ،پشتبەست بەیاسای پاریزگاکانی عێراق وەک هەنگاوی یەکەم و دەستبەردان لەناوچە داگیرکراوەکان وەک هەنگاوی دوەم و کۆتییهێنان بەقەوارەکەی هەرێم وەک هەنگاوی سێیەم!سەرباری کارە تیرۆرستییەکانی ئیسلامی سیاسی کە پریشکیان گەیشتە هەولێری پایتەختیش!!

حیزبە گەندەڵەکانیش،بەهۆی شەڕە کورسیی پەرلەمان وپاراستنی تالانییەکانی خۆیانەوە ،کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەم مەترسی وپیلانانەو ئەوانیش کاری کردەیی بۆ گیرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان ناکەن ودوورن لەئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەوە!

ئەی جەماوەری ستەمدیدەی نەتەوەقارەمانەکەمان :هەموو ئەو راستییە تاڵانەو پێویستیی تەواوکردنی نامەی پیرۆزی هەردوو رێکخراوی (کاژیک و پاسۆک)ی خاوەن شانازی

بەرابوردوە پڕلەتێکۆشان وپاکەکەیانەوە، بوونە هاندەرمان بۆئەوەی دەسکەینەوە بەخەباتی ڕێکخراوەییمان لە کۆمەلەیەکدا ،نەک حیزب. لەو باوەڕەمانەوە کە نەتەوەیەکی داگیرکراوو بەشبەشکراوی وەک کورد ،بۆحیزبایەتی ناشیَ،بەتایبەتی ئەم شیوە حیزبایەتییە ستالینییەی حیزبەکانی سەرتاسەری کوردستان پەیڕەویئەکەن و بۆتە مایەی کەرتکردنی نەتەوەو گەندەڵی و ئەبێتە هۆی نائومێدی و بەئامنجنەگەیشتنی نەتەوەکەمان!!

بۆیە لەئەنجامی ژمارەیەک دانیشتنی هاوبیرانەدا ،دواهەمینیان ،لە گوندی سیتەک بە بەرواری 25/10/2013بە ئامداەبوونی نوێنەرانی هاوبیرانی دهۆک وهەولیرو کەرکوک وسنەو سلێمانی وتاراوگە ،بریاری کاراکردنەوەی چالاکییەکانمان لەم کۆمەڵەیەداداو ئەمڕۆش 21/11/2013کارەکەمان ئاشکرا ئەکەین ومژدەی هەڵهاتنی خۆری ئەم کۆمەڵەیە بە سەرجەم نەتەوەکەمان ئەدەین وبانگی هەموو تاک وکۆمەڵێکی سەربەخۆیی خوازو هەموو پێنووسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ئەکەین بۆ بەشداری لەم کۆمەڵەیەدا وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پیرۆز .

سەرکەوتووبێ خەباتی لەپسانتەهاتوومان لەپیناوی ئازادی و یەکسانیی کورد وسەبەخۆیی کوردستاندا.

کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

K H K